# [Youth Shield]

## پەڕەیەکی هۆشیارکردنەوەی تەکنەلۆژی و ئاسایشی ئەلکترۆنی تایبەت بە نەوجەوانان

## A Technology Awareness and Cybersecurity Platform for Youth

## منصة للتوعية التكنولوجية والأمن السيبراني للشباب

[م/ شۆخان علی عمر]
[زا نکۆی پۆڵۆتە کنیکی سلێمانی/ پەیمانگای تەکنیکی دوکان]
[بەشی تەکنەلۆژیای زانیاری]
[Shokhan.omar@spu.edu.iq]
[07725424767]

**پێشەکی:**

لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، سۆشیاڵ میدیا و تەکنەلۆژیای نوێ بوونەتە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی رۆژانەی نەوجەوانان. لەگەڵ ئەم گەشەسەندنە خێرایەدا، مەترسییە ئەلکترۆنییەکان و هەڕەشەکانی پێشێلکردنی تایبەتێتی و ئاسایشی دیجیتاڵیش بەرەو زیادبوون دەچن. متمانەی نەوجەوانان بە سۆشیاڵ میدیا و پلاتفۆرمە جیاوازەکان لە کاتێکدایە کە هەندێک جار نەشارەزان و هۆشیار نین لەسەر ڕێگاکانی خۆپاراستن و پاراستنی زانیارییە تایبەتییەکانیان.

لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و سۆشیاڵ میدیا لە نێو نەوجەوانان، پێویستی بە سەکۆیەکی فەرمی و بڕوادارکراو کە بە زمانی کوردی ڕێنمایی و هۆشیاریکردنەوە پێشکەش بکات زۆر بەچاو دەکەوێت. بەداخەوە، کەموکوڕی لە سەرچاوە فەرمییەکان و نەبوونی پەڕەیەکی تایبەتمەند بۆ ئاسایشی ئەلکترۆنی بە زمانی دایکی، وای لە نەوجەوانان کردووە کە بەبێ ئاگاداری تەواو ڕووبەڕووی مەترسییەکانی دنیای دیجیتاڵ ببنەوە.

ئەم پرۆژەیە هەوڵێکی نوێیە بۆ دروستکردنی پەڕەیەکی وێب کە تایبەتە بە هۆشیارکردنەوەی نەوجەوانان لە بواری ئاسایشی ئەلکترۆنی و تەکنەلۆژیا. ئامانجی سەرەکی ئەم پرۆژەیە بریتییە لە دابینکردنی سەکۆیەکی بڕوادارکراو و فەرمی کە بە زمانی کوردی زانیاری دروست و پێویست لەبارەی خۆپاراستن، پاراستنی هەژمارەکان، و نوێترین فیچەرە ئاسایشییەکانی پلاتفۆرمە جیاوازەکان پێشکەش بکات.

**کلیلە وشەکان:**

ئاسایشی ئەلکترۆنی، هۆشیارکردنەوەی دیجیتاڵی، نەوجەوانان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، خۆپاراستن، پەرەپێدانی وێب، تەکنەلۆژیای زانیاری، پاراستنی تایبەتێتی، هاکینگ، فیشینگ.

Keywords: Cybersecurity, Digital Awareness, Youth, Social Media, Self-Protection, Web Development, Information Technology, Privacy Protection, Hacking, Phishing.

الأمن السيبراني، الوعي الرقمي، الشباب، وسائل التواصل الاجتماعي، الحماية الذاتية، تطوير الويب، تكنولوجيا المعلومات، حماية الخصوصية، القرصنة، التصيد الاحتيالي.

**یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە**

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە**

١. نەبوونی پەڕەیەکی فەرمی و دامەزراوەیی بۆ هۆشیارکردنەوەی نەوجەوانان لە بواری ئاسایشی ئەلکترۆنی و پاراستنی هەژمارەکانیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بە زمانی کوردی.

٢. بوونی چەندان کەس کە بە هەڵە و نادروست کاریگەری لەسەر نەوجەوانان دروست دەکەن، کە هەندێک جار لە چوارچێوەی هاوکاری و ڕێنماییکردندا دەبێتە هۆکاری دووبارە بەئامانج گرتنەوەی نەوجەوانان.

٣. لەدەستدان و نەهێنانەوەی هەژمار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆکاری نەشارەزایی لە ڕێگاکانی پاراستن و نەبوونی زانیاری پێویست.

٤. نەبوونی تیمێک و کۆمەڵەیەک کە هاوکاری بەردەوام و ئامۆژگاری پێشکەش بکات لە ڕێگاکانی پەیوەندیکردن بە کەسانی شارەزا.

٥. بوونی چەندان نەوجەوانی بەتوانا و پڕزانیاری بەڵام نەبوونی پێگەیەکی شایستە کە زانیارییەکانیان تێدا بگەیەنن و بیانکەن بە سەرچاوەی بڕواپێکراو.

٦. کەموکوڕی لە ڕاپۆرت و زانیاری و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی و ئامادەکردنی نەوجەوانان بۆ ئەو ژینگە ئاڵۆزەی دنیای سۆشیاڵ میدیا.

٧. هەبوونی چەندین ڕێگای خراپ کە نەوجەوانان بەبێ ئەوەی هۆشیار بن کاریان لەسەر دەکرێت و بیرکردنەوە و شێوازی ژیان و کلتوری کۆمەڵگا لە مەترسیدایە.

**دووەم: پرسیارەکانی توێژینەوەکە**

١. تا چ ئاستێک نەوجەوانان هۆشیارن لە مەترسییە ئەلکترۆنییەکان و ڕێگاکانی خۆپاراستن لە دنیای دیجیتاڵدا؟

٢. چ جۆرە زانیاریانە و بە چ زمانێک نەوجەوانان پێویستیان پێیە بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی ئەلکترۆنیان؟

٣. چۆن دەتوانین پەڕەیەکی وێب دروست بکەین کە بە شێوەیەکی کاریگەر زانیاری و ڕێنمایی پێشکەش بکات؟

٤. کام تایبەتمەندی و فیچەرەکانی پەڕەکە دەبێت بەکاربهێنرێن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی گونجاو؟

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوەکە**

١. بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و زانیاری نەوجەوانان لە بواری ئاسایشی ئەلکترۆنی و تەکنەلۆژیا.

٢. دابینکردنی پێگەیەکی فەرمی و بڕواپێکراو بۆ ئامادەکردنی نەوەیەکی پارێزراو لە دنیای سۆشیاڵ میدیادا.

٣. دروستکردنی سەکۆیەکی فەرمی (وێبسایتێکی داینامیک و کارا) بۆ کۆکردنەوە و گەیاندنی نوێترین ڕێگاکانی خۆپاراستن.

٤. وەرگێڕان وبە کوردی کردنی بڵاوکراوە و ڕاپۆرتە جیهانییەکان لەبارەی ڕێکارەکانی خۆپاراستن و ئاسایشی دیجیتاڵی.

٥. پێشکەشکردنی فێرکاری و ڤیدیۆی ڕوونکەرەوە و ڕێنماییەکانی پراکتیکی لەسەر چۆنیەتی بەهێزکردنی ئاسایش لە هەژمارەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.
٦. دروستکردنی کۆمەڵگەیەک لە نەوجەوانان کە بتوانن زانیاری و ئەزموونی خۆیان لەگەڵ یەکتردا هاوبەش بکەن.

**چوارەم: گریمانەی توێژینەوەکە**

١. دروستکردنی پەڕەیەکی تایبەتمەند بە زمانی کوردی دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرچاو ئاستی هۆشیاری نەوجەوانان لە بواری ئاسایشی ئەلکترۆنی بەرز بکاتەوە.
٢. دابینکردنی زانیاری بە زمانی دایکی وا لە نەوجەوانان دەکات کە بە باشتر و ئاسانتر تێبگەن و پەیڕەوی لە ڕێنماییەکان بکەن.
٣. بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە دروستکردنی پەڕەکە (HTML, CSS, Bootstrap, PHP, MySQL) دەتوانێت ئەزموونێکی بەکارهێنەری باش و کاریگەر دابین بکات.

**پێنجەم: میتۆدی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکە میتۆدێکی تێکەڵاو بەکاردەهێنێت کە بریتییە لە پراکتیکی (Applied Research) و داهێنەرانە (Developmental Research)، ئەم میتۆدە لەسەر دروستکردنی چارەسەرێکی تەکنەلۆژی (پەڕەیەکی وێب) بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی (کەمی هۆشیاری ئەلکترۆنی) تەرکیز دەکات.

**دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوەکە**

وێبسایتەکە لە **دوو بەشی** سەرەکی پێکهاتووە **بەشی بەکارهێنەران** کە تایبەتە بە گشت خەڵکی و **بەشی ئەدمین** کە تایبەتە بە بەڕێوەبەران و شارەزایان.

لە بەشی بەکارهێنەراندا، وێبسایتەکە لە پەڕەی سەرەکی پێکهاتووە کە دەستپێدەکات بە پەڕەی سەرەکی (Homepage) کە وەک دەروازەیەکی سەرەکی کاردەکات و پیشاندەری ئامارەکان، بابەتە تایبەتمەندەکان، و دوگمەکانی دەستگەیشتنی خێرایە بۆ بەشە جیاوازەکان. پەڕەی هۆشیارکردنەوە و فێرکاری وەک ناوەندێکی زانستی کاردەکات کە بابەتە جۆراوجۆرەکان لەبارەی مەترسییە ئەلکترۆنییەکان وەک فیشینگ، هاکینگ، دزینی ناسنامە، و چۆنیەتی دروستکردنی وشەی نهێنی بەهێز

هەروەها پەڕەیەکی تایبەت هەیە بۆ ڕێنماییەکانی ئاسایشی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە ڕێنمایی وردی هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ سکرینشۆت و ڤیدیۆی کوردی بۆ حەوت پلاتفۆرمی سەرەکی پێشکەش دەکات( **فەیسبووک، ئینستاگرام، تیکتۆک، تویتەر، سناپچات، واتساپ، و تێلیگرام، زۆر لە یارییە ئە لە کترۆنییە کان......)**، وە هەر پلاتفۆرمێک خاوەنی ژێرپەڕەیەکی تایبەتە کە تێیدا ڕێکخستنەکانی تایبەتێتی، چۆنیەتی چالاککردنی ڕەسەنایەتی پشتڕاستکردنەوەی دوو قۆناغی، و ڕێگاکانی پاراستن لە هێرشە ئەلکترۆنییەکان بە وردی ڕوون دەکرێتەوە.

**پەڕەی دوایین تایبەتمەندی و نوێکارییەکان** بەردەوام نوێکردنەوە دەبێت و زانیاری دەربارەی نوێترین تایبەتمەندییە ئاسایشییەکان کە لەلایەن پلاتفۆرمەکانەوە دەردەچن پێشکەش دەکات، لەگەڵ ڕێنمایی چۆنیەتی چالاککردن و بەکارهێنانیان.

بەشی ڤیدیۆکان کە یەکێکە لە گرنگترین بەشەکان، فێرکارییە بینراوەکان بە سێ ئاستی جیاواز پێشکەش دەکات: سەرەتایی، مامناوەند، و پێشکەوتوو)، هەموویان بە ژێرنووسی کوردی و ڕوونکردنەوەی دەنگی.

**پەڕەی ڕاپۆرت** و بڵاوکراوەکان ڕاپۆرتە جیهانییەکانی ئاسایشی ئەلکترۆنی کە وەرگێڕدراون بۆ زمانی کوردی لەخۆدەگرێت لەگەڵ پوختەی سەرەکی، ئامارە گرنگەکان، و ئینفۆگرافیکی بینراو کە ئاسانکاری بۆ تێگەیشتن دەکات.

**پەڕەی پرسیار و وەڵام (FAQ)** کە بە پێنج هاوپۆلی سەرەکی دابەش کراوە: ئاسایشی ئەکاونت، بەڕێوەبردنی وشەی نهێنی، تایبەتێتی، پرسیارە تەکنیکییەکان، و کێشە یاساییەکان، بە شێوەیەکی ئاکۆردیۆنی (Accordion) پێشکەش دەکرێت کە بەکارهێنەران دەتوانن بە خێرایی وەڵامی پرسیارەکانیان بدۆزنەوە و هەروەها دەتوانن دەنگ بۆ بەسوودی هەر پرسیارێک بدەن یان پرسیاری نوێی خۆیان پێشنیار بکەن.

**پەڕەی پەیوەندی و هاوکاری** فۆرمێکی تەواو لەخۆدەگرێت بۆ ناردنی پەیام بۆ تیم، لەگەڵ بژارەی دیاریکردنی پلەی گرنگی، هاوپێچکردنی فایل، و بژارەی چاتی ڕاستەوخۆ لە کاتی بەردەستبوونی تیم،

هەروەها لیستێک لە شارەزایان و ژمارەکانی فریاگوزاری و بەستەرەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی پرۆژەکە

**پەڕەی دەربارە زانیاری** دەربارەی ئامانج، بینین، تیم، و دەستکەوتەکانی پرۆژە پێشکەش دەکات، لەکاتێکدا پەڕەی بلۆگ بەردەوام نوێ دەبێتەوە بە هەواڵ، ئامۆژگاری

بۆ بەکارهێنەرانی تۆمارکراو، سیستەمێکی تەواوی بەڕێوەبردنی ئەکاونت هەیە کە دەستپێدەکات بە پەڕەکانی تۆمارکردن و چوونەژوورەوە کە تایبەتمەندییەکانی وەک پێوانەی هێزی وشەی نهێنی، پشتڕاستکردنەوەی ئیمەیڵ، و ڕەسەنایەتی پشتڕاستکردنەوەی دوو قۆناغی لەخۆدەگرێت

داشبۆردی بەکارهێنەر جێگەیەکی تایبەتە بۆ هەر بەکارهێنەرێک کە تێیدا دەتوانێت پێشکەوتنی فێربوونی، بابەتە پاشەکەوتکراوەکان، ڤیدیۆکانی بینراو،

**پەڕەی ڕێکخستنەکانی پرۆفایل** ڕێگە بە بەکارهێنەر دەدات کە زانیاری کەسی، وشەی نهێنی، و بژاردەکانی تایبەتێتی بگۆڕێت، هەروەها بژارەی سڕینەوەی ئەکاونت لە خۆدەگرێت.

پەڕەی هەواڵ و ئاگادارییەکان بەردەوام نوێ دەبێتەوە بە زانیاری لەبارەی دوایین شکاندنە ئاسایشییەکان، ساختەی نوێ، کەموکوڕییەکانی پلاتفۆرمەکان، و ئاگادارییە حکومییەکان، هەموویان بە پلەبەندی گرنگی (نزم، مامناوەند، بەرز، گەورە) و ڕێکارە پێشنیارکراوەکان.



Shokhan Ali Omar